زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# ڕەهەندی دەروونی لە ڕۆمانی ( کەوتنی ئاسمانەکانی ) جەبار جەمال غریبدا

پڕۆژەی دەرچوونە

پێشکەش بە بەشی ( زمانی کوردی ) کراوە وەک بەشێک لە پێداوتستییەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی بە کالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا

ئامادەکراوە لەلایەن

**زین احمد محمد**

**سەرپەرشتیار**

**د. نعمە قرەنی اسماعیل**

2724ک- 2024ز

## پشتگیری و واژۆی سەرپەرشتیار

بڕیارماندا بە پەسەندکردنی ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕەهەندی دەروونی لە ڕۆمانی (کەوتنی ئاسمانەکانی جەبار جمال غەریب) کە ئامادەکراوە لە لایەن قوتابی (زین احمد محمد ) لەژێر سەرپەرشتی مندا لە بەشی زمانی کوردی – کۆلێژی پەروەردە – زانکۆی سەلاحەدین وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە (ئەدەب کوردی).

واژۆی سەرپەرشتیار



## پێشکەشە بە :-

- دایک و باوکی خۆشەویستم و برایە دڵسۆزەکانم کە تاوەکو ئێستا هاوکار و هاودەمم بوونە بۆ سەرکەوتن.

- پێشکەشە بە هەموو مامۆستاکانی خوێندنم هەر لە قۆناغی باخچەی ساوایان تاوەکو ئێستا کە دوا قۆناغمە لە خوێندنم لە کۆلێژی پەروەردە بەشی زمانی کوردی.

- پێشکەش بە هەموو ئەوانەی کە حەز بە خوێندنەوەی ڕۆمان دەکەن.

## سوپاس و پێزانین :-

- خوای گەورە کە هەمیشە هاوکارم بووە و ڕێگای سەرکەوتنی هێنایە بەردەمم.

- زۆر سوپاسی دکتۆرەی خۆشەویستم (د.نعمە) دەکەم کە تاوەکو ئەمڕۆ لەگەڵم مەندوو بووە بۆ تەواوکردنی ئەم پڕۆژەیەم.

- زۆر سوپاسی سەرجەم مامۆستاکانی قۆناغی خوێندنم دەکەم کە بەزانیارییەکانیان منیان پێگەیاند و فێریان کردم.

- زۆر سوپاس بۆ خێزانیە خۆشەویستەکەم و هەموو ئەو کەسانەی ماندوو بوونە لەگەڵم.

**ناوەڕۆک**


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پشتگیری و واژۆی سەرپەرشتیار | 2 |
| - پێشکەش بە | 3 |
| - سوپاس و پێزانین | 4 |
| - پوختە | 6 |
| بەشی یەکەم | 8 |
| ١- پێشەکی | 8-12 |
| ١-١ ناونیشانی توێژینەوە | 1 |
| ١-٢ هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوە | 1 |
| ١-٣ میتۆدی توێژینەوە | 1 |
| ١-٤ کەرەستەی توێژینەوە | 1 |
| ١-٥ ناوەڕۆکی توێژینەوە | 1 |
| بەشی دووەم: چەند بابەتێکی تیۆری دەروونی | 9-12 |
| ٢-١ زاراوە و پێناسەی دەروونناسی | 8-9 |
| ٢-٢ پەیوەندی نیوان دەروونناسی و ئەدەب | 10 |
| ٢-٣ چەمکی ڕەخنەی دەروونی | 10 |
| ٢-٤ مێژووی ڕەخنەی دەروونی | 11 |
| ٢-٥ چەمک و بنەماکانی کەسایەتی لە ڕوانگەی دەروونشیکاری فرۆیدەوە | 11 |
| ٢-٥-١ ئەو | 11 |
| ٢-٥-٢ من | 12 |

| | |
|---|---|
| 12 | ٢-٥-٣ منی باڵا |
| 13-18 | بەشی سێیەم: خەسڵەتە دەرونییەکان لە ( ڕۆمانی کەوتنی ئاسمانەکان) دا |
| 13 | ٣-١ لایەنی ئەرێنی لە دەروونی مرۆڤدا |
| 13-14 | ٣-١-١ گەشبینی |
| 14 | ٣-١-٢ دڵخۆشی |
| 14-15 | ٣-١-٣ هیوا |
| 15 | ٣-١-٤ خۆشەویستی |
| 15-16 | ٣-١-٥ ئارامی |

| | |
|---|---|
| 16 | ٣-٢ لایەنی نەرێنی لە دەروونی مرۆڤدا |
| 16 | ٣-٢-١ ڕەشبینی |
| 16-17 | ٣-٢-٢ خەمۆکی |
| 17 | ٣-٢-٣ دڵەڕاوکێ |
| 17 | ٣-٢-٤ بێ ئومێدی |
| 17 | ٣-٢-٥ ترس |
| 18 | ٣-٢-٦ تەنیایی |
| 19 | ئەنجام |
| 20 | لیستی سەرچاوەکان |
| 21 | پوختە بە زمانی عەرەبی |

# پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (ڕەهەندی دەروونی لە ڕۆمانی ( کەوتنی ئاسمانەکان) ی جەبار جمال غەریب دا) دایە، هەوڵێکە بۆ شارەزابوون لە هەست و لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکان لە دەروونی مرۆڤدا. ئەم لیکۆڵینەوەیە پێکهاتووە لە سێ بەش، بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ پێشەکی لە ناونیشان و هۆی هەڵبأاردن و سنووری توێژینەوەکە و ئامانج و کێشەی توێژینەوەکە و ناوەڕۆک دەگرێتەوە، لە بەشی دووەمدا بە شێوەیەکی تیۆری باس لە پێناسەی دەروونناسی و پەیوەندی نێوان دەروونناسی و ئەدەب ، مێژوو و چەمکی ڕەخنەی دەروونی و چەمک و بنەماکانی کەسایەتی لە ڕوانگەی دەروونشیکاری فرۆیدەوە ( ئەو ، من ، منی باڵا ). لە بەشی سێیەمدا خەسڵەتە دەروونیەکان لە ( ڕۆمانی کەوتنی ئاسمانەکانی جەبار جمال غەریب)دا.

لە کۆتایدا بە ئەنجام و لیستی ئەو سەرچاوانەی بەکارمان هێناوە لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی کۆتایی هاتووە.

## بەشی یەکەم

### ١-١ ناونیشانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ڕەهەندی دەروونی لە ڕۆمانی (کەوتنی ئاسمانەکان) ی جەبار جمال غەریب دایە.

### ١-٢ هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە

سەرنج ڕاکێشانی چیرۆکی نێو ڕۆمانەکە کە هاوسەرگیری خوشک و برایەکی ڕاستەقینە لە نێو کۆمەڵگای کوردی نەگونجانی لەگەڵ ئایین و سەرهەڵدانی لێکەوتنەوەی منداڵێک لەم نێوەندەدا و ئەو هەستانەی کە مرۆڤ تووشی دەبن دەبێت لەگەڵ ئەم کێشانەدا وایکرد کە ئەم ڕۆمانە هەڵبژێرم وەک توێژینەوەی پڕۆژەی دەرچوونم.

### ١-٣ میتۆدی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (وەسفی – شیکاری ) بەکارهاتووە.

### ١-٤ کەرەستەی توێژینەوەکە.

ڕۆمانی ( کەوتنی ئاسمانەکان ) ی جەبار جمال غەریب وەکو نموونە بەکارهاتووە.

### ١-٥ ناوەڕۆکی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ پێشەکی کە ( ناونیشانی توێژینەوە ، هۆی هەڵبژاردن ، میتۆد – کەرەستە ، ناوەڕۆکی توێژینەوە ) لەخۆ دەگرێت. بەشی دووەم چەند بابەتێکی تیۆری وەکە ( زاراوە و پێناسەی دەروونناسی ، پەیوەندی نێوان ئەدەب و دەروونناسی ، مێژوو و چەمکی ڕەخنەی دەروونی ، چەمک و بنەماکانی کەسەیەتی لە ڕوانگەی دەروونشیکار فرۆیدەوە(من ، ئە ، منی باڵا). لە بەشی سێیەمدا خەسڵەتە دەروونیەکانی وەک ( گەشبینی ، دڵخۆشی ، ئارامی ، هیوا ، خۆشەویستی ڕەشبینی ، دڵەڕاوکێ ، بێ ئومێدی ، ترس ، تەنیایی) لە ڕۆمانی (کەوتنی ئاسمانەکان)دا پراکتیزکراوە. لە کۆتایشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوە و پەختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.

## بەشی دووەم: چەند بابەتێکی تیۆری دەروونی

### ١-٢ زاراوە و پێناسەی دەروونزانی

دەروونی مرۆڤ و ئەو لایەنانەی کە کاریگەری دەبێت بەسەر دەروونی مرۆڤەوە لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیەت و زانستەکان لە ژێر ناونیشانی زانستێک لێکۆڵینەوەی بۆ دەکرێت کەپێی دەگوترێت زانستی دەروونزانی. زاراوەی دەروونزانی لە وشەی (Psychology) وەرگیراوە کە ئەویش لە دوو وشە پێکدێت (Psych) بە واتای ڕوح یاخود دەروون هەروەها وشەی (logy) کە بەمانای لێکۆڵینەوەی زانستی دێت. کەواتە (Psychology) بەمانای زانستی دەروون یاخود زانستی ڕوح دێت. کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زاراوەی دەروونزانی لە دوو وشەی (Psych) لەگەڵ (logy) وەرگیراوە.

(( دواتر لە زمانی یۆنانی دا بۆ چەمکی دەروونزانی چەمکی (Psychelogos) کە بەزمانی ئینگلیزی (Psychology) وە بەزمانی فەڕەنسی(Psychogies) وە دواتر لە زمانی عەرەبی دا بە (علم النفس) یاخود (السایکولوجیا) گوزارشتی لێوەکراوە)). (عمر ، ٢٠٢٢ ، ٥)

هەر لە دێر زەمانەوە مرۆڤ هەوڵی خاڵی کردنەوەی دەروونی داوە بەرامبەر بە دیاردەکانی گەردوون، وە بەرامبەر لە هەندێک دیاردەکان دەروونی ئارام بووەوە بەرامبەر بە هەندێکی تریان دەروونی نائارام بووە، لەگەڵ بەرەو پێشچوونی مرۆڤایەتی زانست بەرەو پێش چووە و چەندین زانس هاتۆتە ئاراوە.

(( هەموو زانستێک بابەتی خۆی کە توێژینەوەی لەسەر بکات بۆ نموونە جیۆلۆجی بابەتی زەوی و چینەکانیەتی ، بایەلۆجی توێژینەوە لە ڕووەک و ئاژەڵ و گیاندارەکان دەکات ، فیزیا لە گەرما و دەنگ و موگناتیس دەکۆڵێتەوە بەم شێوەیەش بابەتی سەرەکی دەروونزانیش بریتی دەبێت لە ( هەڵسوکەوت و ڕەوشتی مرۆڤ ) مەبەست لە ڕەوشت ئەوەیە کە هەموو چالاکی و پرۆسێسێک کە مرۆڤ پێی هەڵدەستێت واتە لایەنی ژیری(عەقڵی) کە (هەستکردن ، یادکردنەوە ، بیرکردنەوە ، لێکۆڵینەوە ، پێشبینیکردن) لایەنی هەڵچوونی ( تووڕەبوون ، خۆشەویستی ، ڕق و کینە ، دڵە ڕاوکێ ، ترس ، حەز و ئارەزوو) لایەنی جووڵەیی ( نووسین ، ڕۆشتن ، قسەکردن ، سواربوونی ئۆتۆمبێل ، چاپکردن ، ڕاکردن ، بازدان ) )). (قەرەچەتانی ، ١٩٩٦ ، ١).

کەواتە بەهۆی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و گۆڕانی سەدەیەک بۆ سەدەیەکی تر چەندین زانست هاتۆتە ئاراوە دەربارەی ئەو دیاردانەی کە لە گەردوون ڕوودەدەن کاردەکە سەر دەروونی مرۆڤ. دەروونزانیش زانستێکە کە لە هەڵس و کەوت و لایەنی جووڵەو لایەنی هەڵچوون و لایەنی عەقڵی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە.

( لە نێوان لایەنی (دەروون و عەقڵی) لەگەڵ لایەنی (جەستە و لەش)ی مرۆڤ، ئەوا لایەنی دەروون و عەقڵی مرۆڤ نادیارتر و شاراوەترە لە لایەنی جەستە و لەشی مرۆڤ، چونکە جەستە ماوەی لێکۆڵینەوەی زانستی ڕاستەوخۆ دەدات ، بەڵام دەروون و عەقڵ ئەو ماوەیان تەسکە ، لەبەر ئەوەی ئەو هۆ و ئامێرە زانستیانەی کە لێکۆڵینەوەی لەش و پێهێنەرەکان و فەرمانەکان بەکاردێن وەکو (مایکرۆسکۆب بە هەموو جۆرەکانی و تیشکی لێزەر و هۆیەکانی تر ... هتد) لە لێکۆڵینەوەی دەروونی زۆر کەم بەکاردێن هەرچەند دەروونزانەکان هەوڵیان داوە و هەوڵدەدەن کە هەرچەندە بۆیان بکرێت زیاتر ئامێرە زانستییە وردەکان بەکاربێنن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ وەکو ڕازێک یاخود بیرێک ماوەتەوە کە زۆربەی بەشەکانی ناوەوەی تاریک و نەزانراون).(عەلی ، ٢٠٠٧ ، ٧).

کەواتە دەروون و جەستە بەتەواوەتی لە ڕووی شیکردنەوە لە یەکتری جیاوازن و ئەو ئەنجامەی کە جەستە ڕاستەوخۆ بەهۆی ئامێرەکانەوە دەیدات بەدەستەوە ، دەروون ناتوانرێت ئەم ئەنجامە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بدات بە دەستەوە. لەبارەی پێناسەکردنی زانستی دەروونزانی، وەک هەر چەمکێکی تر ئەستەمە پێناسەیەکی گشتگیری بۆ بکرێت بۆیە چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە و بۆی هاتۆتە کایەوە، کە ئەمەش بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە.

(( ١- دەروونزانەکان لە زەمینەی بیر و ڕۆشنبیری جیاواز دەست پێدەکەن ، ٢- جیاوازی هۆ و ڕێگاکانی لێکۆڵینەوە کە بەکاری دێنن، ٣- جیاوازی بواری لێکۆڵینەوە)).(عەلی ، ٢٠٠٧ ، ٧)

بەم شیوەش کەریم شەریف قەرەچەتانی لەپێناسەکردنی دەروونزانی دا دەڵێت: (( دەروونزانی ئەو زانستەیە کە توێژینەوەی ژیری (عەقڵی) مرۆڤ دەکات)).(قەرەچەتانی ، ١٩٩٦ ، ١).

واتە لێکۆڵینەوە لە لایەنی ژیری واتە عەقڵی مرۆڤ دەکات وەک بیرکردنەوەی مرۆڤەکان دەربارەی ئەو ڕووداوانەی کە بەسەریان هاتووە و چۆن لێکدانەوەی بۆ دەکەن. لە پێناسەیەکی تری دەروونزانی: (( ئەو زانستەی کە لە ڕەفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە لە ئەنجامی ووروژێنەرەکان دەردەکەوێت بەدوای پرۆسە مەعریفییەکان و ئەزموونەکانی دا دەگەڕێت)).(عزیز ، ٢٠١٥ ، ٢٣)

واتە کاتێک مرۆڤ هۆکارێک دەیوروژێنێت کۆمەڵێک ڕەفتار ئەنجام دەدات دەروونزانی لەو ڕەفتارانە دەکۆڵێتەوە و شیکاریان دەکات.

(( دەروونزانی برتییە لە لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی بیرکردنەوە و هەست کردن و ڕەفتارکردنی مرۆڤەکان لە پەیوەندی لەگەڵ یەکتر)).(www.uou.ac.in)

واتە چۆنیەتی بیرکردنەوەی مرۆڤە بەوشتانەی لە لە ژیانی ڕوودەدات و هەست بەچی دەکات ئایا ئەو شتە لەلای ئەو ئازار بەخشە یاخود دڵخۆشی دەکات و هەستی خۆشی پێدەدات، هەروەها لەو پەیوەندیانەی کە لەگەڵ مرۆڤێکی تردا هەیەتی.

(( دەروونزانی جۆرە زانستێکە لەلایەنە گشتیەان دەکۆڵێتەوە، زانای دەروونناسی بەکاری شیکارییەوە خەریک دەبێت و ئەدگارەکانی مرۆڤ شیدەکاتەوە بۆ دۆزینەوەی ماکە هاوبەشەکان)).(عمر ، ٢٠٢٢ ، ٦)

واتە دەروونزانی ناسینی خودی مرۆڤە.

## ٢-٢ پەیوەندی نیوان دەرونناسی و ئەدەب

ئەدەب بریتییە لەو داهێنانەی کە لەگەڵ مێژووی مرۆڤایەتی پەیدابووە و بەردەوام لە بەرەوپێش چوون دایە و گەشە دەکات.پێشتریش باسمان لە دەروونناسی کرد کە ئەو زانستەیە کە لە ڕەفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە.

( دەتوانین بڵێیین ئەو بارە دەروونیانەی وا لە نووسەر و شاعیر دەکەن بۆ لەدایک بوون و ئەنجامدانی بەرهەمێکی ئەدەبی و داهێنان، بۆیە شیعر و ئەدەبیش دیاردەی دەروونین، چونکە هەم نووسەر داهێنان دەکات هەم لەڕێگەی ئەو داهێنانەوە هەستی خۆشی و سۆزی دەووروژێنێ زۆر جار وای لێدەکات بۆ ئەنجام دانی هەندێک کردەوەش).(عمر ، ٢٠٢٢ ، ١٩)

واتە لایەنی دەروونی شاعیر یاخو نووسەر پەیوەندی بەو داهێنانە هەیە کە ئەنجامی دەدات و لە ڕێگەی ئەم داهێنانە دەروونی خوێنەر بەتەواوەتی کاری تێدەکرێت ئینجا کارکردنەکەش بە پێی دەروونی نووسەر دەبێت کە چەند توانیویەتی کە کاریگەری لەسەر خوێنەرەکە دروست بکات. وە دەروونی خوێنەر چۆن ئەم کاریگەرییە لێکدەداتەوە کە لە ئەنجامی ئەم داهێنانە بەسەری هاتووە یاخود ڕووبەڕووی بۆتەوە.

(( مرۆڤ بوون و تەوەری مرۆڤ بنەڕێتی بوون لە ئەدەبدا ، کە تەنانەت پێش دەروونناسیش بوونیان هەبووە، بەرهەمەکانی ئەدەب و هونەر وا لەتاکەکان دەکەن کە ئاگاداری کەسایەتی و جیاوازی تاکە کەسی خۆیان بن و ژیان و بوونیان بخەنە ژێر پرسیارەوە کە واتای سەرەکی لە بواری دەروونناسی بەهەمان شێوە بەئاشکرا دەبینرێت کە پەیوەندیەکی زۆر بە هێز لە نێوان ئەدەب و دەروونناسیدا هەیە ، بەو پێیەی هەردووکیان بە ڕێگەی چەمک و شێواز و ڕێبازی جیاواز مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ و کاردانەوە و نەهامەتی و ئارەزوو و نیگەرانیە تاکە کەسی و کۆمەڵایەتییەکان دەکەن)).(www.scincedirect.com)

کەواتە پەیوەندیەکی قوڵ لە نێوان ئەدەب و دەروونناسی هەیە و تەواوکەری یەکتردەبن، دەروون بەتەواوی کاریگەر دەبێت بەسەر ئەو داهێنانە ئەدەبیەی کە نووسەر یاخود شاعیر دەیکات.

## ٣-٢ چەمکی ڕەخنەی دەروونی

ڕەخنەی دەروونی ئەو میتۆدەیە کە کار لەسە دەقی ئەدەبی دەکات و گرنگی بە داهێنانی نووسەر دەدات بەبێ فەرمۆش کردنی دەق. (( ڕەخنەی دەروونناسی هەوڵی ئەوە دەدات کە پەیوەندیە زیندوو و هەستی پێکراوەکانی نێوان هونەر و هونەرمەند بدۆزیتەوە هەڵبستێت بە لێکۆڵینەوە لەوەی کە لەپشتی بەرهەمی ئەدەبی دایە)).(امامی ، ٢٠١٨ ، ٢٤٣)

کەواتە ڕەخنەی دەروونی دەوڵدەدات لێکۆڵینەوە لەو پەیوەندیانە بکات کە زیندوو و هەست پێکراون و پەیوەندی بە نووسەر هەیە هەوڵی دۆزینەوەی ئەو نهێنیانە دەدات کە لەدەروونی نووسەرەوە هەڵدەقوڵێن.

(( لەم ئاڕاستەیەدا ڕەخنەگر لە گۆشەیەکی دیکەوە ڕوودەکاتە دەقی ئەدەبی و جەخت لەسەر داهێنان دەکاتەوە، دیارە جەخت کردن لەسەر نووسەر مانای ئەوەنیە کە ڕوو لە دەق وەربگێڕێت و پشت گوێی بخات بەڵکو لەم ئاڕاستەیە زانستی دەروونی هەوڵدەدات تەم و مژەکانی ئەزموونی هونەر بخاتە ڕوو و ئاشکرایان بکات، چونکە هەوڵدەدرێت ڕەهەندەکانی ئەزموونەکە ئاشکرا بکرێت بۆیە لایەنی ڕەخنەی دەروونی لە هەندێک لایەن دوکۆڵێتەوە کە لایەنەکانی دیکە بەلای دا تێناپەڕن)).( گەردی ، ٢٠٢٣ ، ٥٦)

هەر وەکو باسمان کرد کە ڕەخنەی دەروونی گرنگی بە لایەنی دەروونی نووسەر و ئەو هۆکارانەی کە دەبێتە داهێنان لەلای نووسەر بەبێ فەرامۆشکردنی دەق دەدات.

## ٤-٢ مێژووی ڕەخنەی دەروونی

هەر لە دێر زەمانەوە مرۆڤ دەروونی بەلای ڕووداوکانی گەردوون دا ڕۆشتووە و هەمیشە هەستی بەدیاردەی سەیروسەمەرە کردووە و پێویستی بەوە بووە کە دەروونی بەرامبەر بەم دیاردانە خاڵی بکاتەوە و هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی بکات بەرامبەر بە ڕووداوانەی کە لە گەردوون ڕوودەدات.

(( ئەگەرچی پێویستە سەدی بیدتەم بە سەدەی دەرکەوتنی ڕاستەقینە و گەشەکردنی ڕەخنەی دەروونناسی هەژماربکرێت، بەڵام ناکرێت چەند چالاکیەکی سنوورداری هەندێک لە کەسەکانی پێشینان لە سەدەکانی ڕابردووشدا نکۆڵییان لێ بکرێت. ڕەنگە ئەرستۆ یەکەمین کەس بووبێت کە بە خستنەڕووی بیردۆزی کاسارسیس(Catharsis) (پاکردنەوەی دەروون یان دەروون پاکژی) بە شێوەیەکی نیمچە

زانستی سەرنجی لە پەیوەندی ئەدەب و دەروون داوە و جۆرێک لە ڕەخنەی دەروونناسی داڕشتووە)).(امامی ، ٢٠١٨ ، ٢٤٤)

کەواتە کاتێک سەیردەکەین کە لەسەدەی بیستەم بە شیوەیەکی زانستی ڕەخنەی دەروونی هاتۆتە کایەوە بەڵام لە ڕابردووشدا گرنگی پێ دراوە و ئەرستۆ بەشێوەیەکی بیردۆزی زانستی سەرنجی بابەتی دەروونی نووسەری داوە هەوڵی پاکژکردنەوەی دەروونی داوە.

## ٢-٥ چەمک و بنەماکانی کەسایەتی لە ڕوانگەی دەروونشیکاری فرۆیدەوە

پزیشکی دەروونزانی فرۆید کە دامەزرێنەری قوتابخانەی دەروونشیکاریە هەستی بە ناوچەی نەست کرد لە دەروونی مرۆڤدا کەبەر لەو بەوشیوەیە هەستی پێنەکراوە، لەلای فرۆید وابوو کە جیهانی نەست وەکو مۆزەخانەیەکە کە بەشی هەرە زۆری یادەوەری ژیانی ڕۆژانەیمان لەوێ کۆ دەکرێتەوە و پاشەکەوت دەکرێ و لەکاتی پێویست سەرهەڵدەداتەوە. فرۆید باسی لە کەسایەتیەکان کردووە.

(( سیمگۆمند فرۆید پزیشکی دەروونناسی زیاتر بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشەکانی سوودی لە ئەدەب وەرگرتووە هەروەها پەنای بۆ ئەدەب بردووە بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێک لە بیر و بۆچوونەکانی، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە نەستی تاکە کەسییەوە هەیە کە کۆگایەکی عەمبارکراوی شاراوەی کەسایەتی مرۆڤە و گرنگترین ئەو فاکتەرانەی تێدایە کە کاریگەری گەورەیان لەسەر ڕەفتار و داهێنان و بەرهەم هێنان هەیە، فرۆید ڕای وایە: کاری هونەری بە گشتی و کاری ئەدەبی بە تایبەتی ڕێگەیەکە بۆ دەربڕینی ئەو حەزە چەسپێنراوانەی کە لەناو دەروون و نەستی مرۆڤدا هەن)).(عمر ، ٢٠٢٢ ، ٨)

سیگموند فرۆید دەروونی مرۆڤی بەسر سێ ناوچە دابەش کردووە کە ئەوانیش ( ئەو ، من ، منی باڵا)

### ٢-٥-١ ئەو

گەورەترین بەشی پێکهاتەی دەروونی مرۆڤە کە پەیوەستە بە هەستی بێ ئاگایی لە مرۆڤ کە ناتوانێ ئەو شتانەی کە ڕاستەوخۆ لە دەروون حەشاردراون بە بیریان بێتەوە.

(( ئەو بەشەیە کە هەر لەگەڵ لە دایک بوونی مرۆڤ تا مردن لە تەکیدا دەبێت گشت خەسڵەتە بۆ ماوەیی ە حەز و غەریزەی خۆشەویستییەکانی هەڵگرتووە، ئەم بەشە نوێنەرایەتی کۆگای ووزەی دەروونی مرۆڤ دەکات، کە فرۆید بە (Libido) ناوی دەبات)).(امین ، ٢٠٠٩، ٣٦)

کەواتە ئەو حەز و غەریزە و خواستانەی مرۆڤ کە هەوڵی تێرکردنیان دەدات لەم بەشەدا کۆبۆتەوە.

(( ئەو هەر لەسەر ملهور لەسەرە داوای خۆی بەردەوام دەبێت و مەترسی لەسەر (من) زیاد دەکات، (من)یش بە ناچاری کۆمەڵێک میکانیزمی بەرگری لە ڕووی(ئەو) دا دروست دەکات)).(عمر ، ٢٠٢٢ ، ٩)
وەکو پێشتریش باسمان کرد کە من هەوڵی هاوسەنگ کردنی ئەو حەز و ئارەزووانە دەدات و هەوڵی ئەوە دەدات بەپێی واقع بیان گونجێنێت و هاوسەنگیان بکات.

**٢-٥-٢ من**

یەکێک لەو ئاستانەی کە فرۆید دیاری کردووە کە ناوچەیەکە لە دەروونی مرۆڤدا هەیە.
(( ئەو مامەڵە و هەڵسوکەوتانەی بەرامبەر بە منداڵ دەکرێت، لەگەڵ ژینگە و دەووروبەرەکەی هاوئاهەنگ دەبن، لە پەیداکردنی هەڵسوکەوتێکی هۆشیارانە (ego) لە بەرامبەر ئەو واقعەدا خۆی دەبینێتە وەک ( ناوبژیوان و ڕێکخەرێک وایە، لە نێوان سێ زلهێزدا ئەوانێش ( ئەو ، منی باڵا ، واقع) چونکە (ego) بەپێی بنەماکانی پرەنسپی واقیع (Reality principle) کاردەکات نەک بەپێی بنەمای (چێژ،لەزەت)(Pleasure principle) کە ئامانجی خۆڕاگرتنی مرۆڤە)).(رەسول ، ٢٠٢١ ، ٣)
کەواتە (ego) کار لەسەر واقع دەکات و هەوڵی هاوسەنگکردنی نێوان هەستی چێژ و لەزەتەکانی مرۆڤ دەدات.

(( ئەرکی (ego) ئەوەیە کە لە نێوان مەیلە سروشتیەکانی (id) بەتایبەتی (مەیلی سێکسی) و داواکانی گوشاری کەمەڵایەتی کە دەیکاتە حاڵەتێکی مامناوەندی سازبکات، ئەو شتەی کە گەلێک جار و بەردەوام لە دەروونی هەمووومان دەکەوێتە زاخت و فشارەوە مەیلە جنسیەکانی سەردەمی منداڵیمانە)).( سەعدوون ، ٢٠١٣ ، ١١)

**٢-٥-3 منی باڵا**

بەشی سێیەم لە شیکردنەوەی کەسایەتی بەلای فرۆید ڕەگەزی مۆڕاڵی و کۆمەڵایەتییە لە کەسێتیدا، لەسەر بنەمای بەهای ئاکاری بەرز دەڕوات و گوزارشت لە هەموو ئەو بەها کۆمەڵایەتیانە دەکات کە لەمنداڵیەوە فێری دەبین و دەبێتە بەشێک لە ئاکارمان.
(( هەر لەسەردەمی منداڵیەوە بەرەنگاری داوا مۆرسڵییەکانی (ڕەوشتەکانی نووسەر) دایک و باوک و چوار دەورمان دەبنەوە، ئەم داوا مۆراڵیانە لە ناخماندا جێگەی خۆیان دەکەنەوە و لەگەڵمان گەورەدەبن ە دەبنە بەشێک لە ئێمە، فرۆید بەمانەی دەگووت خودی سەروو کە ئەو بەشە کەێتیە لە خودی مرۆڤ

گەشە دەکات لەو قۆناغەی کە عەقڵ و هۆشی مرۆڤ گەشە دەکات و توانای وەرگرتنی یاسا و ڕەوشتەکانی هەیە لە ڕێگای ژینگەوە ئاراستە دەکرێن، لەبەر ئەوەشە سنوورێک بۆ ئارەزووە تایبەتەکانی مرۆڤ دادەنێت، چونکە هەموو ئەو شتانەی کە (id) حەزدەکات (منی باڵا) بەپێی دەستوور و یاساکانی ڕەوشت و کۆمەڵ ڕێگەیان پێدەدات)).(رەسول ، ٢٠٢١ ، ٣١)

(( بەشی سەرەکی (منی باڵا) نەستە و لە تێکڕای هەندێک لە ئەزموونەکانی ژیان و لە ئەنجامی پەیوەندی کردن لەگەڵ باوان و کەسانی دەوروبەر دێتە کایەوە)).(امامی ، ٢٠١٨ ، ٢٥٢)

کەواتە پەیوەندی کردن بە کەسانی چواردەور و تێکەڵبوون لەگەڵیان و دروست بوونی ئەزموونەکانی ژیان دەبێتە هۆی دەرکەوتنی منی باڵا.

## بەشی سێیەم: خەسڵەتە دەروونییەکان لە ( ڕۆمانی کەوتنی ئاسمانەکان ) دا

### ٣-١ لایەنی ئەرێنی لە دەروونی مرۆڤدا

### ٣-١-١ گەشبینی

گوزارشتە باوەڕیک یان هیوایەک کە دەرئەنجامی هەندێک هەوڵ و کۆششی دیاریکراو، یان دەرئەنجامەکان بە گشتی، ئەرێنی و گونجاو و پەسەندبێت کەواتە گەشبینی هەڵوێستێکی ئەرێنییە بۆ دنیای دەوروبەر و کەسێکی گەشبینیش بەو جۆرە هەڵوێستەیەوە هەوڵ دەدات جیهان باشتر ببینێت.

(( ڕوانینە بۆ ڕابردوو وەکو سندوقێک پڕ لە ئەزموون و وانەی بەسوود، وە ڕوانینە بۆ ئێستا وەکو مەیدانی کار و تێکۆشان، وە ڕوانینە بۆ داهاتوو وەکو ڕێگایەکی پڕشنگداری پڕ لە هیوا و ئومێد. کەوابوو کەسی گەشبین لە ژیانیدا سوود لە ڕابردووی خۆی وەردەگرێت و گەرم و گوڕە بۆ ئێستای و بە شەوق و بەرچاو ڕونە بۆ داهاتووی)).( مصطفی ، ٢٠٠٧ ، ٩).

لە ڕۆمانی کەوتنی ئاسمانەکانی جەبار جمال غەریب دا لەبەر زاری ئەڵماس والێکدراوەتەوە کە باس لەو بەیانیانە دەکات نامەیەکی فوئادی هاوسەری پێدەگات کە دوای سێ ساڵ و دوو مانگ و دوازدە ڕۆژ دەکات. باسی لە ڕۆیشتنی چەندین هاوین و زەردبوونی چەندین گەڵای پایز دەکات، باس لە هەزار و سەد و شەست و هەشت ڕۆژ دەکات کە فوئاد نەگەڕاوەتەوە ماڵەوە و لە باوەشی نەکردووە دوای ئەو هەموو ڕۆژە نامەیەکی فوئادی بەدەست دەگات ئەمەش گەشبینی دەکات و دەگریی لە حەوشەی ماڵەکەی کاتێک کە زولەیخا دەبینێت پێی دەڵێت (( وەرە زولەیخا وەرە، ئەوەتا فوئاد ئەوەتا نامەی ناردووە)).(کەوتنی ئاسمانەکان، ل٢٠).

لە شوێنێکی تری ڕۆمانەکەدا باس لە گەڕانەوەی فوئاد بۆ ناو شاری سلێمانی دەکات بەر لە چوونی بۆ ماڵەوە وێنە بوکێک دەبینێت لە جامخانەیەکەوە و گەشبینی دەکات بۆ دیداری ئەڵماسی هاوسەری وەکو لە ڕۆمانەکەشدا هاتووە (( لەبەردەم وێنەگری یادگار دانیشت، هێشتا وێنەکانی تازە و

ڕەنگاوڕەنگن، هێشتا وێنەی ڕەش و سپی زۆرە و وێنەی بووک و زاوایەک سەرنجی ڕاکێشا لای چەپی جامخانەکە سێیەم وێنەی لای سەرەوە بووکەکە زۆر لە ئەڵماس دەچوو لەبەر خۆیەوە وتی: ئەڵماس قوربانی خۆت و شارەکەت بم. ئەو وێنەیە خەیاڵی تازەکردەوە و هێزی دایە)). (کەوتنی ئاسمانەکان، ل ١٥٢)

### ٣-١-٢ دڵخۆشی

دڵخۆشی هونەرە و هەندیک کەس خۆیان دڵخۆشن و هەندێکی تریان پێویستیان بەوەیە فێربن دڵخۆشبن. کەسانی دڵخۆش هونەری دڵخۆشبوونی خۆیان دەدۆزنەوە کە لەوانەیە هەندێک خووی زۆر سادە و کاریگەر ببێتە هۆی دڵخۆشبوونیان.

(( تاکێکی بەختەوەر و گونجاو و دڵخۆش و کاریگەر ئەو کەسەیە کە فەلسەفەیەکی بۆخۆی دروستکردووە یان دامەزراندووە بەمانای ژیان یان ئاین)).(برنهارات ، ١٩٦٧ ، ٢٦٩)

لە ژیاندا هاوڕێی ئازیز زۆر گرنگە کاتێک کە دەبینیت کە لەدەستی دەدەیت کارەساتێکی دڵ تەزێنە فوئاد کە دەبینێت نوهادی هاوڕیی بەبەر چاویەوە گولەی بەردەکەوێت وادەزانێت کە مردووە بەڵام کاتێک دوای جەندین ساڵ ئازاد دەکرێت دەبینێت کە نوهادی هاوڕێی زیندووە خۆشحاڵ دەبێت و هەست بە خۆشیەکی زۆر دەکات هەروەکو لە ڕۆمانەکەشدا هاتووە کاتێک کە دەیبینێت دەڵێت (( نوهاد ، نوهاد ، دڵخۆشم کە زیندووی!)). (کەوتنی ئاسمانەکان، ل ١٣٦)

لە ڕۆمانەکەدا باس لەوە دەکرێت کە ئەو شەوە کاتێک کە فوئاد دوای چەندین ساڵ دەگەڕێتەوە لە کۆڵانەکەیان ئەڵماس لە دوورەوە چاوی بە پیاوێک دەکەوێت کە نزیک دەبێتەوە سەرنج دەدات هەست دەکات کە ئەوە ئەو پیاوەیی کە چەندین ساڵە ونە و سۆراخی نییە کە دەبینێت پڕبە دەنگی هاوار دەکات و دەڵێت :

(( – فوئاد خەڵکینە خودا فوئادی بۆ ناردمەوە.

ژیان جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ ناو جەستەی فوئاد ، کۆڵانەکە پڕبوو لە بۆنی خۆشەویستی ، ڕووناکی دەگەڕیتەوە بۆ چاوە خۆڵەمێشیەکانی بە لێوە لەرزە گوتی:

– ئەڵماس ماڵەکەم ئەڵماس!

یەکتریان لە باوەشکرد و یەکیان گرتەوە)). (کەوتنی ئاسمانەکان، ل ١٥٥)

لێرەدا هەست بە دڵخۆشی لە ڕادە بەدەر دەکەن و ئەو تامەزرۆ و دووریەی نێوان بە هەزارەها و بە هەزارەها خۆشی باس ناکرێت.

### ٣-١-٣ هیوا

هیوا دۆخێکی گەشبینیانەی دەروونە کە لەسەر بنەمای چاوەڕوانی دەرئەنجامە ئەرێنییەکان بەڕێزگرتن لە ڕووداو و بارودۆخەکانی ژیانی مرۆڤ یان جیهان بە گشتی دامەزراوە کە بریتییە لە بوونی متمانە بۆ چاوەڕوانکردنی ئەو بارودۆخە لەناکاو و نەویستراوانەی کە بۆ ژیانمان دێت. هەبوونی هیوا گەشبینانە ڕوانین بۆ ڕووداوەکان وادەکات کە بەباشی ڕووداوەکە بە کۆتابێت. لێرەدا نموونەیەکی ڕۆمانی کەوتنی ئاسمانەکان وەردەگرین لەوکاتەی کە ئەڵماس چەندین ساڵە دوورە لە هاوسەرەکەی و چەندین ساڵە بەهیوای گەڕانەوەیەتی لەوکاتەی کە کچە تاقانەکەی ئاسکۆڵ و ئەو کوڕەی کە فوئاد بۆی هێناوەتەوە ئاسۆ تۆ بلێ زەینەڵ زەینەڵ، کە گەورەی کردووە وەک کوڕی خۆی، لەو کاتەی کە هاوسەرگیری دەکەن و منداڵێکی کوڕیان دەبێت وا ڕێکدەکەون کە ناوی بنێن هیوا هەروەک لە ڕۆمانەکەشدا هاتووە (( ئەڵماس گوتوویەتی:

– بە هیوای گەڕانەوەی فوئاد.

ئاسۆ تۆ بلێ زەینەڵ گوتی:

– جا لەو هیوایە خۆشتر هەیە)).( کەوتنی ئاسمانەکان ، ل ٢٠٧)

لە شوێنێک لە ڕۆمانەکەدا باس لەوە دەکرێت ئەو کاتەی کە ئاسۆ تۆ بلێ زەینەڵ دەزانی کە ئاسکۆڵی هاوسەری خوشکی ڕاستەقینەیەتی هەست بەو تاوانە گەورەیە دەکات کە کردوویەتی. لەو کاتەی کە فەقێ ڕەش دەناسێت و لەگەڵی دەچێتە لای چەندین مەلا بۆ ئەوەی تۆبە بکات و هەموویان بێ هیوای دەکەن بەڵام مەلایەکی بەتەمەن دەناسێت و پێ دەڵێت من تۆبەیەکی بۆ دادەنێم کە هەمووان ڕازی دەکات ئاسۆ تۆ بلێی زەینەڵ هیوایەک لەلای دروست دەبێ و دەڵێت:

(( هەستم کرد کە خودا زۆر لەو مەلایەوە نزیکە هەستم کرد خودا لە ڕێگای ئەو مەلایەوە دەیەوێ یارمەتیم بدات لە ڕێگەی ئەو مەلایەوە دەمدوێنێ و دەملاوێنێتەوە)). (کەوتنی ئاسمانەکان ، ل ٢١٨)

ئەو هەستە بۆ کەسێک کەزانیویەتی کە خوشکی ڕاستەقینە وەکو هاوسەری چەندین ساڵە لەگەڵیەتی هاوبەشی جێگایەتی بزانێت کە خۆشکی ڕاستەقینەیەتی هەست بەوە بکات دوای ئەو گوناحە کە خودای گەورە هێشتا دەیەوێت لێی خۆشبێت هیوایەکی بە دووبارە ژیان کردنەوە دەبێت.

### ٣-١-٤ خۆشەویستی

خۆشەویستی کۆمەڵێک باری سۆزداری و دەروونی بەهێز و ئەرێنی لە خۆدەگرێت ، لە بەرزترین خوی باش، قووڵترین سۆز و خۆشەویستی نێوان کەسەکان تا سادەترین چێژ زۆرترین جار خۆشەویستی ئاماژەیە بۆ هەستکردن بە سەرنجڕاکێشانی بەهێز و وابەستەی سۆزداری.

(( ژیان بە هەموو تاریکی و نەهامەتی و تەنگ و چەڵەمەکانیەوە بە هەموو کەم و کوڕی و نادادپەروەریەکانەوە، ئێمەی پەلکێشی خۆی کردووە بمانەوێت و نەمانەوێت ناچارین تا ژیان

دەستبەردارمان دەبێت ژیان بکەین، جا بۆ ئەوەی ژیانی ڕاستەقینە ببەینە سەر و مەینەتیەکان چۆکمان پێدانەدات، دەبێت بۆ شەوە زەنگی ژیان چرای خۆشەویستی هەڵبکەین، چونکە تاریکی شەوی درێژی ژیان پێویستی بە مانگێکی گەشاوەیە تاوەکو ڕووناکی بکاتەوە ئەو مانگە درەوشاوەش بێگومان خۆشەویستییە)).(تحسین ، ٢٠١٦ ، ١٧)

لێرەدا نموونەیەک لە ڕۆمانی کەوتنی ئاسمانەکان کاتێک کە فوئاد لەگەڵ یەلدز سەفەرێک دەکات بۆ بەغدا فوئاد لەسەر زاری خۆی دەگێڕێتەوە دەڵێت:

(( خەیاڵی ئەو ڕۆژەم خەیاڵی فڕین و باڵگرتنە، جوانترین فڕین ، فڕینی ئەو زیندەوەرانەیە کە باڵیان نییە، ئەو ڕۆژە زانیم فڕین پێویستی بە باڵ نییە، پێویستی بە نەفسێکە نەکەوێتە زەوی، عەشق هەروایە یان بەبێ باڵ بە نەفەسێک دەفڕی، یان وەک کرم و قالۆنچە بەئەرزتدا دەباتە خوار)). (کەوتنی ئاسمانەکان ، ل ١٥٦)

لە ڕۆمانەکەدا باس لە ئاڵماس دەکات کە بەرناسینی فوئاد کە دڵی بەکەس نەداوە باس لەوەدەکات کە بەر لەدەست پێکردنی خۆشەویستی لەگەڵ فوئاد دەڵێت:

(( - نامەوێ بۆم ببیە گڵۆپی هەزار واتی ، ناشمەوێ ببیە فراولە ، نا نامەوێ تەنیا دەمەوێ بەجێم نەهێڵی.

ئەو کاتەیە کە فوئاد بۆ یەکەم جار دەستی دەگرێت و دەڵێت:

- پەیمان بێت تا ڕووح بەجێم نەهێڵێ، من تۆ بەجێ نەهێڵم)). (کەوتنی ئاسمانەکان ، ل ٢٨)

### ٣-١-٥ ئارامی

ئارامی بە لایەنێکی ئەرێنی دەروونی مرۆڤ دادەنرێت، دەبێتە هۆی ئاسوودەی و حەسانەوە و خۆشگوزەرانی لە ژیان. ئارامی بریتییە لە هەستکرنی تاک بە دڵنیایی و ئارامی بوونی هاو پەیوەندیەکی پتەو لە نێوان هەموو لایەنەکانی ( جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی) و کارامەی و لێهاتوویی ئەو مرۆڤە بۆ خۆسازاندن لەگەڵ ژینگە کۆمالآیەتییەکەی و توانای ئەوەی هەبێت بەرەنگاری ناخۆشیەکانی ژیان بێتەوە.

نموونەیەک لە ڕۆمانی کەوتنی ئاسمانەکان دەربارەی هەستی ئارامی ئەو کاتەیە کە ئاسۆ تۆبلێ زەینەڵ، بەمەبەستی تەوبەکردن سلێمانی جێدەهێڵێت، هەست بە تەنیایەکی زۆر دەکات بەڵام بوونی هێزی خودا لە نێو دڵی ئارامی دەکاتەوە و دەڵێت:

(( من بێکەسترین مەخلووق یان جانەوەری، ئەم دونیایەم و بۆ بێکەسی وەکو منیش تەنها خودا کەسە. لەناو هەموو گەڵا و سەوزاییەکدا خودام دەدی، خودا نا ، هێز و ڕووناکییەکەی ، جوانی و لوتف و سۆزەکەی)). (کەوتنی ئاسمانەکان ، ل ٢٢١)

لە شوێنێکی تری ڕۆمانەکە کاتێک بڕیار دەدەن کە ئاسۆ تۆ بلّێ زەینەڵ، بنێرن بۆ لای ئەبوو دوجانە لەگەڵ فەقێ ڕەش، ئەو کاتەی کە ئاسۆ تۆ بلّێ زەینەڵ، لەگەڵ فەقێ ڕەش دەگاتە مەنزڵمان بەچەند کوچە و شەقام دا دەگەڕێت و دەبینێت کە تەواو جیاوازە دەڵێت:

(( بەشی زۆری هەرە زۆری پیاوەکانی ڕیشیان هەیە، گەنجەکانی جەمەدانی لەسەر و تەسبیح بەدەست و ماتن، ژن نابینی ، ئەوە گەورەترین خۆشی منە، چونکە لای من ژن کوفرە جلکی ڕەنگا و ڕەنگی ژنان هەتا منداڵانیش سوور و زەرد و مۆریان نەبووە، جلکی بۆر و ڕەش و هەندێ جار قاوەیی تۆخ، دیسانەوە ڕەش ، چەند ئارام بەخش بوون بۆ دەروون)). (کەوتنی ئاسمانەکان ، ل٢٢١،٢٢٢)

## ٣-٢ لایەنی نەرێنی لە دەروونی مرۆڤدا

### ٣-٢-١ ڕەشبینی

هەڵوێستێکی نێگەتیڤ یاخود نەرێنی دەروونییە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەرئەنجامێکی نەخوازراو لە بارودۆخێکی دیاریکراوەوە پێشبینی بکرێت. کەسی ڕەشبین بە گشتی تەرکیز لەسەر نەرێنیەکانی ژیان دەکات.

(( ڕەشبینی تێڕوانینێکی نەرێنی(نێگەتیڤ)انەیە بۆ ژیان، بینینی دیوە تاریک و خراپیەکانی هەبووەکان و پێکهاتەکان و ڕووداوەکانە، ئامادەگیەکی شاراوەیە لای تاک کە ناڕەزامەندی دە خوڵقێنێت بەرامبەر بە خودی خۆی و ژیان و ڕووداو و پێکهاتەکان)).(سیوەیلی ، ٢٠١٨ ، ١٣٧)

لایەنی ڕەشبینی نموونەی لە ڕۆمانی کەوتنی ئاسمانەکان لەو شوێنەیە کە ئاسۆ تۆ بلّێ زەینەڵ، زانیویەتی کە فوئاد و ئەڵماس دایک و باوکی ڕاستەقینەی نینە لەوشەوەدا لە گۆڕستان کێلێکی ڕزیو و گڕن گڕن لەباوەش دەکات و بەسەریدا دەگری و دەڵێت:

(( پف ، پف ، ئاسۆی تاریکی و مردن، من ئاسۆی ونبووم)).(کەوتنی ئاسمانەکان ، ل ٦٨)

(( ڕەشبینی هەروا دروست نابێت ، بەڵکو کۆمەڵێک فاکتەر هە ئەگەر لەلای مرۆڤ ئامادەبوون، بەرەو ڕەشبینی دەبات، ئەوانیش (ترس ، خەم ، گومان ، نائۆمێدی) هەرکاتێک ئەمانە لە حاڵەتی ئاسایی خۆیان دەرچوون و قورساییان خستەسەر دەروونی مرۆڤ بەرەو ڕەشبینی دەبات)).(گەردی ، ٢٠٢٣ ، ٣٥٢)

لە ڕۆمانی کەوتنی ئاسمانەکان باس لەوکاتە دەکات کە فوئاد گەڕاوەتەوە ماڵەوە و پرسیاری ئەو منداڵە دەکات کە لەماڵەکەی دایە و پێی وایە کە منداڵی ئاسکۆڵە لەوکاتەدا زولەیخا پێی دەڵێت کە نیوەی زانیوە و هی ئاسۆ تۆ بلّێ زەینەڵ، لەوکاتەدا

(( فوئاد وەستا ، وەستا ، وەستا و مرد ... مرد و کەس هەستی پێنەکرد)). (کەوتنی ئاسمانەکان ، ل ١٥٦).

### ٣-٢-٢ خەمۆکی

بریتیە لە هەستکردن بە غەمباری ، دڵتەنگی ، بەدبەختی و بێچارەیی و هەستکردن بە فەرامۆشکراوی و بێ هیوایی. خەمۆکی دەبێتە هۆی گۆڕان یان لادانی دیدی ئەو کەسە بۆ خودی خۆی و ژیانی و کەسانی دەوروبەری. بەواتایەکی تر کەسی خەمۆک ڕەشبینە بەرامبەر بە هەموو شتێک و زۆر نەرێنیە بەرامبەر بە هەموو ڕووداوێک و ناتوانێت وا وێنا بکات کە هەر ڕووداوێک ، کێشەیەک یان هەڵوێستێک بەشێوەیەکی ئەرێنی چارەسەر دەبێت.

(( خەمۆکی بریتییە لە هەستکردن بە خەفەت، بەڵام لە هەمان کاتدیشدا خەفەتیش هەردەم مەبەستی بنچینەیی نییە، لەکەسی خەمۆک (المکتئب)، بەڵکو مەبەستی بنچینەیی لە خەمۆکی بریتیە لە هەستکردن بە بۆشایی و بێ بەهایی و نەبوونی هیچ هەستێک لەکەسی توشبووبە خەمۆکی. کەسی توشبوو بە خەمۆکی کەسایەتییەکی ئاشکرا بەرجەستە دەکات بەرامبەر بە چێژ وەرگرتن لە شتەکانی دەوروبەری بە ئەندازەیەک ئەم هەست کردنەی دەگاتە ڕادەیەک لە ژیاندا واز لە هەموو شتێک دەهێنێت)).(گەوریی،٢٠١١، ٢٧٩)

نموونەیەکی خەمۆکی لەو ڕۆمانەدا ئەو کاتەیە کە ئاسۆ تۆ بڵێ زەینەڵ تووشی خەمۆکی دەبێت و سلێمانی جێدەهێڵێت بە مەبەستی تۆبەکردن دەڵێت:

(( من نامەوێ هیچ کەس لە سلێمانیم بیربکەوێتەوە، نامەوێ ئەڵماس و زولیخا و فوئاد و نا هیچ کەسی دیکەم بە مێشکدا نەیەت)). (کەوتنی ئاسمانەکان ، ل ٢٢١)

ژیانی هاوسەرگیری بۆ کچێک کە چەندین ساڵ باوکی نەبینیبێت و ئەو کەسەی کە هەڵیدەبژێرێت بۆ تەواوی ژیانی گرنگە کاتێک ئاسکۆڵ دەزانێت کە ئاسۆ تۆ بڵێ زەینۆڵ برای ڕاستییەتی لە ژوورێکدا دەرگا بەسەر خۆی دادەخات و هیوای کوڕی دەگری لەو کاتەدا:

(( شوکری خان چەندین جار لەو دەرگای ئەو ژوورەی دا ئاسکۆڵ لەسەر خۆی داخستبوو لەو کاتەدا کە فوئاد قسەکانی کردبوو، ئەو نوتقی گیرابوو، نەیرِوانی بۆ کەس و خۆی لە ژوورەوە بەند کردبوو، شوکری خان بێئومێد بوو کردنەوەی دەرگاکە شکاندی و هاواری کرد هاواری کرد و ڕژایە سەر ئەرزەکە ، چەندین کەس هاتن ئاسکۆڵ خۆی بە بنمیچی ژوورەکەوە هەڵواسیبوو ، شۆڕ ببوە و ملی لار ببۆوە)). (کەوتنی ئاسمانەکان ، ل ٢٠٨)

### ٣-٢-٣ دڵەڕاوکێ

حاڵەتی شڵەژانی دەروونی گشتیە، لە ئەنجامی ململانێی پاڵنەرەکان و هەوڵدانی تاک بۆ گونجاندن ، یاخود حاڵەتێکی هەڵچوونیە لە ئەنجامی ترسان لە شتێکی نادیار سەرهەڵدەدات، بە جۆرێک کە نائارامی دەروونی دروست دەکات.

(( حاڵەتێکی ئاساییە بڕێک هەست بە نائارامی و شڵەژان دەکەیت، بڕێک لێدانی دڵت زیاتر دەبێت تا ماوەیەک هەناسەت بە ئاسایی بۆ نادرێت، دەمت وشک دەبێت، وە تەنانەت ڕەنگی ڕووخسارت سوور یان زەرد هەڵدەگەڕێت،چونکە بەم هۆیەوە باشتر خۆت ئامادە دەکەیت بۆ ڕووبەڕووبونەوەکە و زیاتر زاڵ دەبیت بەسەر خۆتدا)).(حەسەن، ٢٠١١ ، ٢٢٤)

لە نموونەی هەستی دڵەڕاوکێ لەم ڕۆمانەدا ئەوەیە کە فوئاد دوای چەندین ساڵ دەگەڕێتەوە، لەبەردەم دەرگای ماڵەکەی سەیر دەکات و دەنگی منداڵێک دێت و دەبینێت کە نازانی ئەم منداڵە کێیە، بەڵام لە خۆشی خۆشی دەنگی ئەم منداڵە خەریکە دەم و چاوی بتەقێت، هەست بە نامۆی دەکات بەرامبەر بەو دەرگا و تەختە و بزماری ئەم ماڵە تووشی دڵەڕاوکێ دەبێت و دەڵێت:

(( بۆم هەیە لە دەرگا بدەم؟ بۆم هەیە بچمە ژووری؟)).(کەوتنی ئاسمانەکان ، ل ١.٢)

(( دڵە ڕاوکێ دەبێتە هۆی ترسێکی زۆر ە وا لە مرۆڤ دەکات بەترسەوە لە شتەکان بڕوانێت و لەبەریان ڕابکات یاخود زۆر بە ترسەوە بۆ شتەکان دەچێت و گومانی هەیە دەترسێ سەرنەکەوێت، دەترسێ زیانی پێ بگات، بۆیە ترس لە هەنگاوەکانی بەدی دەکرێت)).(گەردی ، ٢٠٢٣ ، ٣٣٨)

لە ڕۆمانی کەوتنی ئاسمانەکان لەو کاتەی کە فوئاد لەگەڵ عەبدوڵا فەندی ڕێکەوتن کەئینجی خانی هاوسەری بباتە لای دکتۆرێکی ئامۆزای لە بەغدا ، شەوێکی بەر لە ڕۆشتن، ترس ، دڵەڕاوکێ دەیدەگرێت و بیر لەوە دەکاتەوە کە نەوەک ئەو هەنگاوەی ناویەتی بۆ بینی یەڵدز سەر نەگرێت بۆیە دەڵێت:

(( دڵم پەلە پەلی بوو، دەبێ یەڵدزبێت؟ دەبێت عبدوڵا فەندی هەستی بە هیچ نەکردبێ؟)).(کەوتنی ئاسمانەکان ، ل ١٦٤) .

## ٣-٢-٤ بێ ئۆمێدی

یەکێکە لەو حاڵەتانەی کو تووشی مرۆڤ دەبێت لە ئەنجامی ناڕەحەتی و بوونی شتێک لە چاوەڕوانی مرۆڤ دانییە. مرۆڤ بەهۆی بەدەست نەهێنانی ئەو شتەی کە هەوڵی بۆ داوە یان بەهۆی ڕووداوێکی ناخۆش کەبەسەری دێت تووشی بێ ئومێدی دەکات، کاتێک کە ئاسۆ تۆ بڵێ زەینەڵ، لە ڕۆمانی کەوتنی ئاسمانەکان وا هاتووە کاتێک کە زولێخا باس لەوە دەکات کە ئەو کوڕی ئەم خێزانە نییە واتا ئەڵماس و فوئاد دایک و باوکی ڕاستەقینەی نینە، باس لەوە دەکات کە چۆن فوئاد ئەوی هێناوەتە ماڵەوە. دایک و باوکی ڕاستەقینەی لە ڕووداوێکی هاتووچۆ چیان بەسەر هاتووە ، ئاسۆ لەکاتەدا لە قوڵپی گریان باوەش لە زولێخا دەدات و دەڵێت:

(( واتا مردوون، تا ئێستا ئەو ماڵە بەخێر منیان بەخێو کردووە)). (کەوتنی ئاسمانەکان ، ل ٥٩)

لەلایەکی تریش بێ ئومێد دەبێت و دەچێتە گۆڕستان و بیرلەوە دەکاتەوە کە ئایا بەرلە مردنی دایک و باوکی، دایکی بە باوکی نەگوتووە پرسیاری ئەوەی لێنەکردووە "کوڕەکەم ، فوئاد کوا کوڕەکەم" لەو کاتەدا لە ناوی فوئاد سڵبییەوە، هیچ ناوێکی دیکە بۆ باوکی جگە لە لەناوی فوئاد بەخایاڵدا نەهات.بەسەر گۆڕ و تەواوی گۆڕستانەکە و دار و ئەرخەوانی پیرەکان هاواری کرد.

(( فوئاد باوکی من نییە، کوا ناوی باوکی من فوئادە؟)).(کەوتنی ئاسمانەکان ، ل ٦٨)

بەمەش تووشی بێ ئومێدیەکی گەورە دەبێت لە ناوی باوکی و لە هەبوونی دایک و باوکی.

### ٣-٢-٥ ترس

ترس هەڵچوونێکی سروشتیە لە دەروونی مرۆڤدا، بەرامبەر بە مەترسیەک ، بۆ خۆپاراستن یان بۆ ئاگادارکردنەوەی بیر وهۆش. ترس سروشتیە و بە نەخۆشی دانانرێت بەڵکو بە ڕووخسارێکی زیندووی مرۆڤ دادەنرێت، چونکە هیچ کەس نییە کەم یان زۆر ترسی نەبێت لەو مەترسیانەی کە پەیوەندی بد ژیانەوە هەیە. بەڵام ئەگەر ترس لە سنووری ئاسایی دەرچوو و بووە ترسێکی هەمیشەیی لەگەڵ مرۆڤدا لە قوڵاییدەروونوندا هەستی بە ترس کرد ئەو کاتە سنووری سروشتی بەجێدەهێڵێت و دەبێتە یەکێک لە نەخۆشییە دەروونییەکان.

(( ترس لەگەڵمان لە دایک نابێت، ژیان و ڕۆژگار لەهەر قۆناغێکی تەمەنماندا فێری ترسێکمان دەکەن و بەوردی بابەتەکانی بۆ دیاری دەکەن. تالێیان بترسین سەرچاوەی ترسەکان لەسەرەتادا مادی و واقعین، دواتر دەبن بە خەیاڵی و لەوەهم و خورافەکاندا خۆیان دەنوێنن)).(بۆکانی ، ٢٠٠٨ ، ١٧)

لەم ڕۆمانەدا باس لەوە دەکات کاتێک کە خۆشەویستی فوئاد و یەڵدز دەکەوێتە ناو خەڵکەوە نیوەڕۆک کاتێک کە فوئاد سەیارەکەی لە گەراج ڕاگرتووە دەبینێت کە تایەکانی تەقیوون کە سەردانی وەستای چاکردنی ئۆتۆمبێل دەکات ئەویش پێ دەڵێت کەوا بەدەرنافیز تەقێنراوە و کەن کراوە فوئاد دەڵێت:

(( بۆ یەکەم جار ترسام ، دوژمنی نهێنی چەندە قورسە. کێیە سینگم بەر چەقۆ دەدات)). (کەوتنی ئاسمانەکان ، ل ١٦٩)

(( ترسان یەکێکە لە دیاردە گشتی و سروشتیەکان لەلای مرۆڤ، هۆیەکەشی بۆ خۆ پاراستن لە زۆربەی مەترسیەکانی ژیان، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەگەر ئەم ترسە لە سروشتی خۆی دەرچوو ئەوا دەبێت بە نەخۆشیەک و زۆربەی لایەنەکانی ژیانی ئەو کەسەش تێک دەدات)). (گەوریی ، ٢٠١١ ، ٣٣٦)

فوئاد کاتێک کە سەرکێشی بە ژیانی خۆی و ئەڵماس دەکات بە هێنانی یەڵدز بە نهێنی و پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری دەیەوێت بە ئەڵماس بڵێت کە چەندین ڕۆژە بۆچی لەو دوور بووە و خەریکی ئەم کارە

بووه بەڵام کاتێک کە دەبینێت ئەڵماس چەندە توورەیە باهاوارکردنەوە پێی دەڵێت تۆ من بەچی دەزانیت سەر شەقامی ئەو کاتەیە کە فوئاد ڕاستی ناڵێت و دەڵێت:
(( ترسام، لە دەنگ و هەڕەشە و شەڕ ترسام ، لەو هێزە قوڵەی ناخم ترسام ، کە هەموو جەستەمی گرتبۆوە، لە زراوچوونی ئاسکۆڵ ترسام)). (کەوتنی ئاسمانەکان ، ل ١٨١)

## ٣-٢-٦ تەنیایی

لە کاتێکدا پێناسە باوەکان بۆ تەنیایی وەک حاڵەتێکی تەنیایی یان تەنهایی وەسفی دەکەن ، بەڵام لە ڕاستیدا تەنیایی دۆخێکی دەروونییە، تەنیایی دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ هەست بە تاڵی و تەنیایی نەخوازراوی بکات، ئەو کەسانەی کە تەنیان زۆرجار ئارەزووی بەرکەوتنی مرۆڤ دەکەن بەڵام باری دەروونیان پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا قورستر دەکات.
ئەو کاتەی کە ئاسۆ تۆ بڵێ زەینەڵ، بڕیار دەدات لە پێناو نەهێشتنی خراپەکاری لەسەر زەوی نەهێڵێت و خۆی بکاتە شەهیدی ڕێگەی خودا بیردەکاتەوە کە ئایا لە بەهەشت دایکی دەبینێتەوە؟ بیر لەوە دەکاتەوە چۆن بیناسێتەوە خۆ ئەو هەر وێنەیەکیشی نەبووە؟
بۆیە بیر لەوە دەکاتەوە و دەڵێت:
(( بامن لە بەهەشت بم ، بابەسەر گەوهەری مرواری دابڕۆم، با لەناو ڕووباری شیر و هەنگوین مەلەبکەم ، با لەسەر دۆشەکی قوو بنووم، کە دایکم نەبینمەوە هەر تەنهام)). (کەوتنی ئاسمانەکان ، ل ٢٩٥)
ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئاسۆ تۆ بڵێ زەینەڵ لە نێو تەنهایەکی زۆردا ژیاوە بەبێ دایکی.
لە ڕۆمانەکەدا باس لەوەش دەکات لەوکاتەی کا ئاسۆ زانیویەتی کە فوئاد باوکی ڕاستەقینەی ئەو نییە و لە گۆڕستانە و تەنیا و بێکەسە باس لەوەکراوە لەو کاتە ئاسۆ تۆ بڵێ زەینەڵ هەستی چۆن بووە وانووسراوە.
(( ئاسۆ تۆ بڵێ زەینەڵ، باوکێکی ونیشی نەمابوو ، باوکێک لە دوورەوە لە دووری دوورەوە یادی بکات. هەر لە دوورەوە بچێتە باوەشی. ئاسۆ مافی ئەو خەیاڵەشی نەمابوو.نامەیەکی بەتاڵ بێت و دێڕێکی بۆ ئەو تێدابێت، تەنهاییەکی بەتاڵ بەتاڵ)). (کەوتنی ئاسمانەکان ، ل ٦٠)

**ئەنجام :**

١- زانستی دەروونزانی زانستێکی پڕ بایەخ و گرنگە، زانستێکە دەتوانین لە ڕێگەیەوە شیکار بۆ هەڵچوونە دەروونیەکان بکەین و لایەنی هەستەکان ئەرێنی و نەرێنیەکان لە ژیانی هەر تاکێکمان دیاری بکەین، وە هەروەها بۆمان دەردەکەوێت کە ئەدە و دەروونناسی پەیوەندیەکی پتەو و دوور و قەڵ لە نێوانیان ، دەروون وادەکات کە نووسەر داهێنان بکات لەبەرهەمە ئەدەبیەکانی بە جۆرێک کە هەر بەرهەمێک بهێنێتە کایەوە هەست و دەروونی چەندان خوێنەر بورووژێنێت.

٢- لەم ڕۆمانەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە قەدەری ئینسانەکان زۆرجار بەجۆرێک دەبێت کە بەئەستەم دەتوانرێ باوەڕی پێبکرێت و لەگەڵ واقعدا بگونجێت.

٣- ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێت کە خۆشەویستی ڕاستەقینە بە جۆرێک زاڵ دەبێت بەسەر ئەقڵ و دەروونمان کە دەبێتە هۆی ئەوەی سەرکێشی بە ژیانی خۆمان بکەین نەک تەنیا خۆمان بەڵکو ژیانی کەسانی دیکەش کە مافی ئەوەمان نییە بەم شێوەیە بۆیان دیاری بکەین هەوەکو چۆن لە ڕۆمانی کەوتنی ئاسمانەکان فوئاد بۆ خۆشەویستی یەڵدز ژیانی ئەڵماس و ئاسۆش دەشێوێنێت و کوڕێک دەهێنێتە دونیا کە لەگەڵ خوشکی ڕاستەقینەی هاوسەرگیری بکات و منداڵی هەبێت.

٤- لەم ڕۆمانەدا لایەنی دەروونی کەسایەتیەکانی لایەنی نەرێنی زاڵ دەبێت بەسەر لایەنی ئەرێنی بەهۆی ئەوەی ڕۆمانەکە سروشتەکەی خەمۆکی و ڕەشبینی و لایەنە نەرێنییەکانی تر زاڵە لە نێو ڕۆمانەکە.

**سەرچاوەکان**

**کتێبە کوردییەکان:**

١- بۆکانی ، سابیر (د) ، ترس و خۆشەویستی ، چاپی سلێمانی ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٨

٢- تەحسین ، ئەرشەد ، دەروازەیەک بۆ خۆشەویستی ، چاپخانەی تاران ، چاپی یەکەم ، ٢٠١٦

٣- حسن ، محمد ئەفرام (د) ، دەروازەیەک بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان لەگەڵ هەندێک لە نەخۆشیەکانی دەمار ، چاپ ناوەندی ڕێنوێن ، چاپی چوارەم ، ٢٠١٩

٤- ڕەسووڵ ، هەڵمەت بایز ، ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شیرزاد حەسەندا ، جاپخانەی موکریانی (هەولێر) ، چاپی یەکەم ، ٢٠١٢

٥- سیوەیلی ، سامان ، کەسێتی م خۆشەویستی خود ، چاپخانەی شەهاب ، چاپی یەکەم ، ٢٠١٨

٦- عزیز ، عزالدین احمد ، بنەماکانی دەروونزانی گشتی ، چاپی شەشەم ، ٢٠١٥

٧- عەلی ، ئازاد (د) ، دەربارەی دەروونزانی گشتی ، ٢٠٠٧

٨- قەرەچەتانی ، کەریم شەریف (د) ، دەروازەی دەروونزانی ، ١٩٩٦

٩- گەردی ، سەردار (پ.د) ، ڕەخنەی پراکتیکی ، چاپی یەکەم ٢٠٢٣

١٠- مصطفی ، انوەر احمد ، گەشبینی – گرنگترین ڕێگای بەختەوەری و ئاسودەیی تۆیە ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٧

١١- غەریب، جەبار جەمال، کەوتنی ئاسمانەکان،چاپی دووەم،٢٠٢١

**کتێبە وەرگێڕدراوەکان بۆ سەر زمانی کوردی:**

١- ئەلبەواب ، خەلیل ، ئینسایکلۆپیدیای دەروونی، وەرگێڕانی: فکری مەجید گەوریی ، ٢٠١١

٢- امامی ، نصرالله (د) ، بنەماو میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە : سەنگەر نازم و هیمداد حوسێن ، چاپی یەکەم ، ٢٠١٨

نامەی ئەکادیمی :

١- امین ، کارزان کریم ، ئاراستەکانی ڕەخنەی شیعری کوردی ، بەنموونەی ماستەر نامەکانی ئەدەب ١٩٩٩-٢٠٠٠) ، ٢٠٠٩

٢- سەعدوون ، سامان عیزەدین ، دەقە شیعریەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەروونیەوە ( لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری دەروونییە)، ٢٠١٣

٣- عمر،کەنار یاسین،ڕەهەندی دەروونی و کاریگەر لە دیالۆگی ناوەوەی چیرۆکەکانی(لاکێشە ڕووناکەکان)ی عەبدوڵا سەراج دا، ٢٠٢٢

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١- برنهارات ، (د) ،علم النفس في الحياة العمية, ترجمة: الدكتور ابراهيم عبدالله مجيد,الطبعة الثالثة,مطبعة العماني – بغداد ١٩٦٧

**سەرچاوەکانی ئینتەرنێت:**

١- www.scincedirect.com

٢- www.uou.ac-in

**ملخص:**

هذا البحث بعنوان ( البعد النفسي في رواية ( سقوط السماء ) للكاتب (جبار جمال غريب) محاولة لفهم المشاعر الانسانية و الجوانب الايجابية و السلبية في النفس الانسانيةز يتكون هذا البحث من ثلاثة أجزاء و خص الجزء الاول للتعريف بالعنوان و و أسباب و الاختيار , و النطاق البحث , و الاهدف , المشكلات , و المحتوى. ويناقش الجزء الثاني عدة موضوعات نظرية في مصطلعات و تعريفات علم النفس و العلاقة بين الادب و العلم النفس , التاريخ مفهوم النقد النفسي و مبادئ النفسية من منظور التحليل النفسي عند فرويد ( هو , أنا , كلما اعلى مني). و في الجزء الثالث الخصائص النفسية في رواية (سقوط السماء ) للكاتب ( جبار جمال غريب). و اخيرا تم الانترنيت من النتائج و قائمة المصادر المستخدمة مع ملخص البحث باللغتين العربية و الانجليزية.

**Abstract**

The research is entitled (Psychological Dimension in the novel (Fall of the Skies) by Jabar Jamal Gharib, an attempt to understand human feelings and positive and negative aspects of the human Psyche. This research consists of three parts. The first part is devoted to the introduction of the title, reasons for selection, scope of the research, objectives, problems and content. The second part discusses, serval theoretical topics in the terms and definitions of Psychology, the relationship between literature and psychology, history the concept of the psychological criticism and the principles of personality from the perspective of Freud's Psychoanalysis ( He , Me , Me high ) . In the third part psychological characteristics in Jabar Jamal Gharib's novel ( The fall of the skies ). Finally, the results and a list of sources used with a summary of the research in Arabic and English are completed.